چاکە بریتیە لە ڕەوشت جوانی، وگوناهـ ئەوەیە کە لە ناختدا دێت ودەچێت -سەبارەتی دوو دڵیت-، وحەز ناکەیت خەڵکی پێی بزانێت

لەنەواسی کوڕی سەمعانی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیارم لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە چاکە وگوناهـ؛ فەرمووی: «چاکە بریتیە لە ڕەوشت جوانی، وگوناهـ ئەوەیە کە لە ناختدا دێت ودەچێت -سەبارەتی دوو دڵیت-، وحەز ناکەیت خەڵکی پێی بزانێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت چاکە وگوناهـ ، فەرمووی: لە گەورەترین تایبەتمەندیەکانی چاکە بریتیە لە ڕەوشت جوانی لەگەڵ الله بە تەقواداری، و لەگەڵ خەڵکی بە ئارامگرتن لەسەر ئازار، وکەمی تووڕەیی، وڕووخۆشی، وقسە جوانی، وگەیاندنی پەیوەندی وگوێڕایەڵی ونەرمونیانی وچاکەکاری وباشی لە مامەڵە وهاوڕێیەتیدا. سەبارەت بە گوناهـ؛ هەرشتێکە لە نەفسدا بجوڵێت لە شتە گوماناویەکان ودوودڵ بیت سەبارەتی وسینگ بۆی ئارام نەبێت، ودڵ دەربارەی گوماناوی بێت، وبترسێت لەوەی گوناهە، ونەتەوێت ئاشکرای بکەیت چونکە ناشیرینە لە پێش چاوی خەڵکە چاکەکان، چونکە نەفس سروشتی وایە حەز دەکات خەڵکی چاکەکانی ببینێت، بۆیە ئەگەر حەز نەکەیت خەڵکە چاکەکان هەندێك لە کردەوەکانت ببینن؛ ئەوا ئەو کردەوانە گوناهن وخێریان تێدا نییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4308